سەرۆک کۆمار پەیامێکی تایبەت ئاراستەی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە دەکات

سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید، پەیامێکی تایبەتی ئاراستەی پارێزگای هەڵەبجە کرد و تیایدا پیرۆزبایی بەپارێزگابونی هەڵەبجە لە دانیشتوانی پارێزگاکە کرد.

سەرۆک کۆمار لە پەیامەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە، ستایشی هەوڵەکانی ئەنجووماڵەی نوێنەرانی کرد بە پەسەندکردنی پرۆژەی یاسای گەڕینەوەی هەڵەبجە بە پارێزگا و داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کاربکەن بە تەواوکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە پارێزگاکەدا بەمەبەستی پەرەپێدان و گەشەپێدانی.

ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامی سەرۆک کۆمارە بە دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە:

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان

خەڵکی تەکۆشەری هەڵەبجە

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان

بریندارانی کیمبارانی هەڵەبجەی شەهید

بە بونی هەڵبجە بە پارێزگا پێرێزبایی گەرم ئەکەین، لەرێژی دەنگدانی پەرلەمان بەیاننامەیەکی فەرمی سەرکایەتی کەمارمان دەرکرد، پەمان باشبوو بە تایبەتر پێرێزبایی لەخەڵکی هەڵبجە بکەین.

ئەم هەنگاوەکی یاسایی و کارگەلی دروستبوو بە گەشەپەدانی هەڵبجە، دەستخەشی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عەراق دەکەین و ئاشکرایە هەر لە کۆنەوە هەڵبجە مەبەندەکی ڕەشنبیری وکلتوری پەشکەوتوو بوە و شاری هونەر و ئەدیب و شاعیران بوە، خەکەکەی لەوشاوە و نیشتمان پەروەرن ، خاکەکەی بە پیت و ناوچەیەکی دەفەن و گەشتیاریە.

بە هەموو توانامانەوە پشتگیری لەپارێزگای هەڵبجە دەکەین و خزمەتی هەڵبجە و زیاتر ئاوەدانکردنەوە و پەشخستنی دەکەین.

بەگومان کیمیابارانکردنی هەڵبجە تاوانەکی جینەسایدە، هەموو هەوەک لە کەی نەودەوەتیدا ئەدەین، بە ئەوەی تاوانی کیمیابارانی هەڵبجە بەشەویەکی یاسایی بە جینەساید بناسرەت .

خەکی تەکەشەرو بەوفای هەڵبجە، دەنیاین ئەوەش لەگەڵ کەمەانی خەکی و وبەرهەنەری شارکەتان و تەواوی وەاتەکەمان کەشش دەکەن بە ئاوەدانکردنەوەی زیاتری شارکەتان، گیانی شەهیدانی هەڵبجە و هەموو شەهیدانی وەاتەکەمان شاد بەت و هەڵبجەش هەمیشە شاری ئاشتی وهونەرو جوانی بەت.